www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 19:53 17-10-2006

# خوێندنەوەیەک بۆ کاسێتێکی ئەنسار ئەلئیسلام ... مەریوان نەقشبەندی ... بەشی یەکەم

بەشی یەکەم



ئەگەر سەرهەڵدانی حیزب و بزووتنەوەی (ئیسلامی) لەكوردستاندا لادانێك بووبێت لەرێڕەوی خەباتی كورد، ئەوا پەیدابوونی (جوندولئیسلام) دواتریش (ئەنسارولئیسلام) كە بەدەیان چەكداری عەرەبی (هەڵاتو لەوڵاتەكانیانەوە) ی لەخۆ گرتبوو. گەورەترین گورزی كوشندە بوو كە لەهەیبەتی نەتەوەیی میللەتی كورد درا، تا ئەو رادەیەی ئەم تاقمە لەساڵانی (2001-2002) دا ناوچەی هەورامانی باشووری كوردستانیان كردە پێگەیەكی راستەقینەی رێكخراوی قاعیدەو بەدەیان چەكداری عەرەب كە لەسەرویانەوە (تیرۆرستی گۆڕبەگۆڕ ئەبو موسعەب زەرقاوی) هاتنە كوردستان و ناوی چەند كوردێكیش بەهۆی ئەم جەماعەتەوە كەوتە لیستی رەشی ئەمریكاو كۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە. لەكاتێكدا كە مێژووی هەموو شۆڕشەكانی كورد لەباشووری كوردستاندا دوور بووە لەكاری خۆتەقاندنەوەو و توندڕۆیی و زیاتر لەرێچكە نەتەوەییەكەیەوە نزیك بووە، ئەنسارولئیسلام لەكوردستان بووە هۆی ئەوەی مرۆڤی كورد بگاتە بەندیخانەكانی (گوانتانامۆو باگرام) و ناوی كوردیش تێكەڵ بەدۆسێی تیرۆرو توندڕۆیی جیهانی ببێت. شەڕی ناوخۆی كوردستان و ئاسەوارە خراپەكانی فاكتەرێكی لەبار بوو بۆ مانەوەو پەلهاویشتنی ئیسلامی سیاسی و توندڕۆیی ئیسلامی. جا بۆ ئەوەی خوێنەری كوردو رای گشتی كوردستان هەڵسەنگاندنی خۆی هەبێت لەسەر ئیسلامی سیاسی و بوونی فیكری (سەلەفی- جیهادی) كە سەردەمی ئەنسارولئیسلام نموونەیەك بوو. بەپێویستی دەزانم خوێندنەوەیەك بۆ كاسێتێكی (CD) ئامادەكراوی ئەنسارولئیسلام بكەم، كەدوای هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر بنكەو بارەگاكانی ئەم رێكخراوە لەناوچەی هەورامان لەساڵی (2003) دا لەیەكێك لەحەشارگەكانی ئەنسارولئیسلام بەجی مابوو، دواتر لەرێگای خزمێكی خۆمەوە كەدانیشتووی یەكێك لەگوندەكانی ناوچەی هەورامانە كەوتە دەست من و بەئەمانەتی رۆژنامەگەرییەوە بڵاوی دەكەمەوە.

كاسێتەكە هەمووی بەعەرەبیە، لەلایەن بەشی راگەیاندنی ئەنسارولئیسلامەوە ئامادە كراوە، بەم مانشێتە دەكرێتەوە (انێار الاسلام.. واقع وامل) .

پاشان موحازەرەیەكی (ئەبو وائیل) ی بەرپرسی دەستەی شەرعی و قازی گرووپی ئەنسارولئیسلامی تێدایە كەناوی راستەقینەی هەروەك لەسەر كاسێتەكە نووسراوە (عبدالوهاب بن عبداللگیف الحیدە) یەو دوای گفتوگۆ كردنم لەگەڵ بەرپرسانی ئاسایشی كوردستان بۆم دەركەوت كە خەڵكی شاری سامەڕایەو پێشتر ئەفسەر بووە لە موخابەراتی عێراقی و لەسەردەمی رژێمی سەددام لەعێراقەوە هاتووە بۆ ناوچەی هەورامان بەپێی هەندێك سەرچاوەی باوەڕپێكراو لە خەڵكی ناوچەی هەورامان ئەم پیاوە یەكەم كەس لەكاتی هێرشەكانی ئەمریكا بۆ سەر بنكەكانی ئەنسار لەهەورامان هەڵاتووەو، جارێك لەبەغدا لەلایەن هێزەكانی ئەمریكا دەستگیر كراوەو لەبەر ئەوەی نەناسراوەتەوەو هیچ شارەزاییەكیان لەسەر جموجۆڵی پێشووی نەبووە ئازاد كراوە. ئەبو وائیل كەوەك ئەمیری ئەنسارولئیسلام و موفتی قاعیدە لەكوردستان بووە لەو موحازەرەیەدا بۆ نزیكەی (25) چەكداری ئەنسار لەژێر كەپرێكدا قسە دەكات كە هەموویان لەسەر زەوی دانیشتوون تەنها ئەبو وائیل لەسەر

کورسیەك دانیشتووەو مێزێکی لەبەردەمدایەو تەختە رەشێکی لەپشتەوەیەو کڵاوێکی سەربازی لەسەرەو نازانرێت ئایا ئەبو وائیل کە بەعەرەبی قسە دەکات کی لێی تێدەگات؟!

موحازەرەکەی ئەبو وائیل بەرواری 2001/8/16ی لەسەرەو لەنزیك شارۆچکەی بیارەیە بەئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەست پێدەکات و بەم شێوەیە ماناکەی بۆ ئامادەبووانی موحازەرەکەی تەفسیر دەکات: ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە، ئەوانەی لەدینەکەی هەڵگەڕێنەوە، ئەوە خوای گەورە قەومێکیان بۆ دەنێری کەخوای خۆیان خۆش دەوێت و خواش ئەمانی خۆش دەوێت و لەبەردەم بڕوادارەکاندا زەلیل و بەسەر کافرەکاندا سەروەرن، ئەم قەومە لەپێناو خوای گەورەدا جیهاد دەکەن و لەلۆمەی لۆمەکاران ناترسن. پاشان ئەبو وائیل دەکەوێتە داواکاری و داوا لەچەکدارەکانی ئەنسار دەکات بەدڵ و زمان و دەستیان جیهاد بکەن و دەڵێت دەبی ئیسلام بکەنە حاکمی ئەم سەر زەویەو هەیبەت بۆ ئیسلام بگەڕێنینەوەو هەموو (تاغوت) ەکان لەسەر رێگای ئیسلام لابدەن. بەبی ئەوەی روونی بکاتەوە مەبەستی لە (تاغوت) کێیە؟ دووپاتیشی دەکاتەوە کەئامانجی گرووپەکەیان چەسپاندنی حوکمی راستەقینەی ئیسلامە لەسەرتاسەری جیهانداو نابی کەس باسی نەتەوەو خاك و زمان بکات، بەڵکو هەموو خاکێك دەبی خاکی ئیسلام بێت و هەموو زمانێکیش دەبی زمانی قورئان بێت. بەهیچ شێوەیەکیش باس لەسنوورە ئاگرینەکانی نێوان دەوڵەتە ئیسلامیەکان ناکات، بەڵکو نەسیحەتەکانی خۆی لەهەرێمی کوردستان و دژی حیزبە عەلمانیە کوردییەکان چڕکردۆتەوەو پێدەچێت ئەم قازیە بەنیاز بێت لەکوردستانەوە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی دابمەزرێنێتەوە. لەدرێژەی ئەم موحازەرەیەدا ئەبو وائیل ناوی (عیسای کوڕی مریەم) دێنێت و دەستەواژەی (علیه الێلاه والسلام) ی بۆ بەکار دێنێت.

پاشان دەڵێت دەبی ئێوە رێگای یەکەم نەوەی ئیسلام بگرن و هەمان ئەو سەردەمە بگێڕنەوە بۆ سەر زەوی. بەڵام ئەمجارەیان بەشێوەیەکی فراوانترو دەبی سوود لەو کەرەستە پێشکەوتوانە وەربگرین کەدوژمنەکانمان بۆ هەڵگەڕانەوەی موسڵمانان لەدینەکەیان دروستیان کردووە. نابی بڵێین ئەو سەردەمە بەسەرچوو ئەوەی واقسەی کرد نابی هیچ لێی بوەستن و دەستبەجی بەرەو جەهەننەمی بنێرن.

پاشان دێتە سەر وەسفی ئەو کەسانەی کەجیهاد دەکەن و دەڵی موجاهیدەکان لەگەڵ پێغەمبەرو راستگۆکاندان و فەزڵێکی گەورەی هەیە بەسەر موسڵماناندا، ئینجا لەسەر زاری پێغەمبەری مەزنەوە ریوایەتێك دێنێتەوەو دەڵێت ئەوەی "لەماوەی دوو دۆشینی حوشترێکدا جیهادی کرد ئەوا بەهەشتی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە"، لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی دانیشتوون نازانن ماوەی نێوان دۆشینی دوو حوشتر چییەو چەندە، روونکردنەوە لەسەر ئەو پرۆسەیە دەدات و (رۆشنبیری حوشتر بەخێوکردن) لەبناری هەورامان و لەسایەی شاخە سەرکەشەکانی کوردستاندا بۆ شوێنکەوتوانی ئەنسارولئیسلام باس دەکات.

لەناو موحازەرەکەی (ئەبو وائیل) دا زوومی کامێرای بەشی راگەیاندنی ئەنسارولئیسلام چەند جارێك بەرەو ئامادەبوانی موحازەرەکە دەڕوات و بەروونی چەندین بەرپرسی ئەو کاتەی ئەنسارولئیسلام پیشان دەدات کە لەناویاندا (ئەیوب ئەفغانی) کە دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەستگیرکرا، ئەبو وائیل لەدرێژەی موحازەرەکەیدا چەند جارێك نەسیحەتی ئامادەبووان دەکات کە لەسیفەتەکانی موسڵمان ئەوەیە کەدەبی بکوژن و بکوژرێن و هەرگیز بیر لەدنیاو ماڵی دنیا نەکەنەوە. پاشان دێتە سەر بارودۆخی ئەو کاتەی ئەو ناوچەیەی کە ئەنساری ئیسلام تیایدا حوکمڕانن و دەڵێت "ئێمە نابی خۆمان بەموسڵمانی راستەقینە بزانین کە هەر خەریکی خواردن و مانگا بەخێوکردن بین. بەڵکو دەبی بگەڕێینەوە بۆ جیهاد. باجی گەیشتن بە بەهەشت بەهێشتنەوەی ریش و کردنەوەی بارەگای حیزبی بەناوی ئیسلامەوە نادرێت. بەڵکو باجەکەی بەخوێن و ماڵ و منداڵ و هاوسەرەکانمان دەدرێت. ئینجا

پرسیار دەكات ئایا ئێوە دەتوانن لەئاست ئەم مەسئولیەتەدا بن؟! پاشان هەوڵ دەدات هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆو هاوسۆزی نەتەوەیی بۆ ئەو كوردانە نەهێڵێتەوە كەشوێن ئەنسارولئیسلام كەوتوون و دەڵێت: تۆ كەئەم ڕێبازەی ئیسلامت هەڵبژارد، دەبی دەستبەجی و بەبی دوو دڵی جەنگ دژی كافرەكان رابگەیەنی. دژایەتی هەڵگەڕاوەكان (مورتەد) رابگەیێنیت و بەكافریان بزانی و غەیری شوێنەكەوتوانی ئەم دینە دەبی هەموو كەسێكی دیكە. هەموو دینێكی دیكە بكەیتە ئامانجی خۆت و موحارەبەی بكەیت. ئەبو وائیل بە ئامادەبوانی موحازەرەكەی دەڵی "مەشق گرنگە، بەڵام مەشقكردنەكە نابی هەروا درێژە بكێشی" كەچی ئەو كوردانەی لەوی دانیشتوون و گوێ بۆ ئەبو وائیل دەگرن یان كوژراون یان دەستگیركراون، بەڵام خۆی و ئوسامەی كوڕی كە لەناو ئەنسارولئیسلام بوون هێشتا ماون. خۆیان ئامادە نەبوون بۆ (شەهادەت) هەروەك چۆن گەنجانی كوردی هاندەدا.

ئینجا درێژەی پێدەدات و دەڵێت: "ئەوەی بڕوای بەتەنهایی خوا نەبێت ئەوە دوژمنی ئێمەیە، دوژمنەكانی ئێمەش دوژمنی خوان". ئینجا باس لەمیكانیزمی جیهادكردن دەكات و دەڵی ئێمە دەبی خۆمانی بۆ ئامادە بكەین و لەسەر زاری (ئیبن تەیمیە) ریوایەتێك دەگێڕێتەوەو دەڵی ئەگەر نەتانتوانی جیهاد بكەن، (كەمن پێموایە لێرەدا مەبەستی خۆ تەقاندنەوەیە) . ئەوا دەبی لەرووی دەروونییەوە خۆتانی بۆ ئامادە بكەن و گوی بۆ نەسیحەت و موحازەرەی ئەمیرەكان بگرن، چونكە ئێوە مەئمورن و ئەمرە لەسەرتان لەپێناو ئەم دینەدا خۆتان بەخت بكەن. ئینجا دەڵێت ئێوە لەبەردەم دوو رێگادان یان دەبی جیهاد بكەن یان دەبی ئامادە بن بۆ (استشهاد) . دیارە ئامادەبوون بۆ (استشهاد) بەوە نابی ئێمە هەر لێرەدا دانیشین بەڵكو دەبی بەرەو پیریەوە بڕۆین. ئینجا زۆر بەدەنگێكی بەرزو لەئاماژەیەكدا بۆ حیزبە ئیسلامیەكانی دیكەی كوردستان كەبڕوایان بەهەڵگرتنی چەك و توندڕۆیی نییە دەڵێت: ئەوەی خۆی بەموسڵمان بزانێت و ئامادەكاری بۆ جیهاد نەكات موونافیقە، هەروەها دەڵێت ئەوەی ئامادە نەبێت بۆ (شەهیدبوون) ئەوە موجاهید نییە.

ئەبو وائیل لەكۆتایی موحازەرەكەیدا نمونەیەك لەسەر زەرووڕەتی جیهاد دێنێتەوەو داوا لەو كەسانە دەكات كە كەمئەندامن بەزوویی خۆیان بۆ (استشهاد) ئامادە بكەن و دووپاتی دەكاتەوە كەئەو كەسانەی كەمئەندامن و دێنە ریزەكانی ئەنسارولئیسلام و ئامادەن بۆ خۆكوشتن ئەوا لەو دونیا وەك مرۆڤێكی تەواو دەچنە بەهەشت و كەمئەندام نابن.

دوای ئەم موحازەرەیە سیدیەكەی راگەیاندنی ئەنسارولئیسلام بەنووسین و قسەی عەرەبی و بەسرودی عەرەبیەوە بەشێك لەمەشقی چەكدارەكانی ئەنسارولئیسلام لەناوچەكانی بیارەو باخەكۆن و دەگا شێخان پیشاندەدات و بەعەرەبی لەسەر ئەو كەسانەی كەمەشق دەكەن نووسراوە كەئەمانە خۆیان بۆ جیهاد ئامادە دەكەن كەبەمانای خۆكوشتن دێت لەو دەربڕینەدا.

ئەم مەشق كردنە كەنزیكەی (40-50) چەكداری ئەنسار بەشداری تێدا دەكەن، چەند لاوێكی تێدا بەشدارە كەتەمەنیان نەگەیشتۆتە (15) ساڵ و زۆربەی ئەوانەی مەشق دەكەن هیچ شتێك لەهونەری مەشق و شەڕكردن و چەك هەڵگرتن و رۆیشتن و وەستانی سەربازی نازانن. لەمەشقەكەیاندا بەدیار دەكەوێت كەئەوانە لەپێناو دان بەخۆداگرتن مەشق دەكەن و لەمانگی تەمموزو ئابی ساڵی (2002) دا بەپێی پەتی و هەندی جاریش لەسەر ئەژنۆ دەڕۆن. بۆ ئەوەی ئەگەر دەستگیركران، دان بە كردەوەكانیاندا نەنێن و ناوی سەركردەو شوێنەكانیان و نهێنیەكانی ئەنسارولئیسلام ئاشكرا نەكەن، شێوازی مەشق كردنی ئەو گرووپە لەلایەك وەك خۆنیشاندانێكی تواناو هێزی، مرۆیی و سەربازییە، بەڵام بەوردبوونەوە لەو مەشق كردنە بەدیار دەكەوێت كەئەوان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی راستەوخۆ ئامادە ناكرێن، بەڵكو زیاتر بۆ چوونە ناو قوڵایی دەسەڵاتی كوردیەو گورزوەشاندنە لەسەركردەو بەرپرسانی كوردستان كە دیارە لەلای ئەنسارولئیسلام بە (مورتەد) ناو دەبرێن. ئەو چەكدارانەی لەو

مەشقەدا بەشداری دەکەن هیچیان جامانەیان لەسەر نییە، بەڵکو هەموو کڵاوێکی سەربازیان لەسەر دایە، بەڵام هەموویان جلی کوردیان لەبەردایە و چەند کەسێکیان تەنها بەشەرواڵ و کراسێکەوە مەشق دەکەن و هەندێکیشیان قاچ و دەستیان ناتەواوەو پێدەچی لەسەر فەرمان و فەتواکەی ئەبو وائیل هاتبن بۆ خۆ کوشتن. هەر لەکاتی مەشق کردنەکەدا چەند وتەیەکی (ئەیمەن زەواهیری) کەسایەتی دووەم لەرێکخراوی قاعیدە (بەعەرەبی) پێشکەش دەکرێت، کەباس لەهەیبەت و رێگای (سەید قوتب) و (حەسەن بەننا) و چەند کەسێکی دیکەی عەرەب دەکات و ئینجا چەند وتەیەکی (ئوسامە بن لادن) ی بەرپرسی رێکخراوی ئەلقاعیدە بەدەنگی خۆی پێشکەش دەکرێت کەئەمەش دەکرێت وەك وەلائێك بۆ ئەو رێکخراوەو بۆ بەرپرسەکەیان ئوسامە بن لادن کاسێتەکە ئامادە کرابێت و لەبەر ئەوەی بەعەرەبی هەموو شتێك دەخوێنرێتەوەو تەرجەمە دەکرێت پێدەچێت ئەو کاسێتە بۆ سەرانی گەورەی قاعیدەو مەبەست تێیدا بەدیار خستنی بوونی رێکخراوی قاعیدەیە لەکوردستانی عێراقدا.

Mariwan_na@yahoo. com